**تۆمارکردنی پێشوەختی ناوەندیی بۆ شوێنێک لە باخچەی منداڵان لە شاری کێل**

بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان و بەڕێوەبەرانی باخچە هاوکاری بەڕێزتان دەکەن بۆ دۆزینەوەی جێگەیەک لە باخچەی منداڵان. لە ڕێگەی "تۆمارکردنی پێشوەختی ناوەندی"یەوە لەسەر پێگەی ئەلەکترۆنیی شاری کێل بەڕێزتان دەتوانن پێشوەخت خۆتان بۆ وەگرتنی جێگەیەکی سەرپەرشتی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە تۆمار بکەن.

دەتوانن ناونیشانەکانی هەر یەک لە باخچەکانی منداڵان لەسەر پێگەی ئینتەرنێتی شاری کێل بدۆزنەوە یان لە برۆشوێر "دەلیل"ی "کێل ئینفۆ زانیاریی سەبارەت بە شار"، کە لە هەموو بەڕێوەبەرێتی و فەرمانگەکان و هەروەها لە هەموو شارەوانییەکان دەستدەکەون.

بەڕێزتان دەتوانن بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان لە ڤاینبرێنەرهاوس لەم ناونیشانە بدۆزنەوە:
Hauptstr. 22, 77964 Kehl
Telefon: 07851- 88 2102 E-Mail: kitaservice@stadt-kehl.de

**کەسانی پەیوەندیدار**

سوزانا کامارا - میشائێلا کۆنەر - بیرگیت بوکەر

**تۆماری پێشوەخت بە ئۆنلاین بەمجۆرە جێبەجێ دەبێت**

- لەسەر لاپەڕەی ئینتەرنێت و لەم بەستەرە بچنە بەشی پەروەردە، کۆمەڵایەتی و کولتور - باخچەی منداڵان.
www.kehl.de
- بەشی "تۆمارکردنی پێشوەختی ناوەندی" بکەنەوە.
- ناوی خۆتان تۆمار بکەن.
- ئیمالێکتان بۆ دێت. تکایە ئەو ئیمایلە پەسەند بکەن "قەبوڵی بکەن". تکایە (بچنە بەشی شپامی ئیمایلەکەتان و تەماشای ئەوێیش بکەن) (Spamordner)
- جارێکی تر بەشی "تۆمارکردنی پێشوەختی ناوەندی" بکەنەوە.
- بە هۆی پاسۆردەکەتانەوە ناوی خۆتان لە لاپەڕەی دەستپێک تۆمار بکەن.
- ئەو زانیارییانە بدەن کە لێتان داوا دەکرێت.
- یەکێک لە باخچەکانی منداڵان ژمارە ١، ٢ یان ٣ هەڵبژێرن.
- لیستی پرسیارەکان لە لای خۆتان بپارێزن.
- پەسەندکردن "قەبوڵ"کردن بە ئیمایل دەگاتە دەستتان.
- ئەو باخچانەی هەڵتانبژاردن ئیتر دەتوانن زانیارییەکانی ئێوە ببینن.

**تکایە ئاگادار بن**

- هەر منداڵێک دەکرێت تەنها یەک جار پێشوەخت تۆمار بکرێت.
- هەر منداڵێک دەکرێت سێ مانگ پێش لەدایکبوون و زووترینی دوو ساڵ پێش دەستپێکردنی کاتی سەرپەرشتیکردنەکەی، پێشوەخت ناوی تۆمار بکرێت.
- ئەگەر بەڕێزتان سێ باخچەی منداڵان هەڵبژێرن، ئەو کاتە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەموو ئەو باخچانەی منداڵان بۆ بەڕێزتان دەربچن و ناویان بێتەوە.
- ئەگەر بەڕێزتان ئارەزووی تەنها یەک باخچەی منداڵانی دیاریکراو دەکەن، ئەو کاتە تکایە تەنها یەک باخچەی منداڵان هەڵبژێرن و دەستنیشانی بکەن.
- بەڕێزتان دەتوانن بەخۆشحاڵییەوە باخچەکانی منداڵان تەماشا بکەن. تکایە هەمیشە و پێشوەخت بە تەلەفۆن کاتی چاوپێکەوتن دیاری بکەن.
- ئەگەر بەڕێزتان بەهاوکاریکردن هەیە، پەیوەندی بکەن بە بەڕێوەبەرێتی باخچەی منداڵانەوە یان پەیوەندی بکەن بە بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان لە ڤاینبرێنەرهاوس.

**پەسەندکردن "قەبوڵ بوون" بەمجۆرە جێبەجێ دەبێت**

- سەبارەت بە وەرگرتنی منداڵەکەتان بەڕێوەبەرایەتی باخچەی منداڵان بڕیار دەدات.
- ئەگەر باخچەیەکی منداڵان شوێنی بۆ منداڵەکەتان هەبێت، بڕیاری وەرگرتنەکە دەنێرن بۆ بەڕێزتان و لەڕێگەی ئیمایلەکەتانەوە بەدەستتان دەگات.

- تکایە وەرگرتنەکە "قەبوڵکردنەکە" پەسەند بکەن.
- بەڕێزتان بۆ کاری تۆمارکردن بانگهێشتی دیدارێک دەکرێن لە باخچەی منداڵان.
- بەڕێزتان واژۆ لەسەر گرێبەستی سەرپەرشتیکردن و وەرگرتن دەکەن.
- بەو کارەیش شوێنێک دەدرێت بە بەڕێزتان.

لە دۆخێکدا ئەگەر بەڕێزتان ڕەت کردنەوە (قەبوڵنەکردن) تان بۆ هات، تکایە پەیوەندی بکەن بە بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان لە ڤاینبرێننەرهاوس. ئێمە پێشنیازی باخچەیەکی منداڵی تر بۆ بەڕێزتان دەکەین بەگشتی لە هەموو شوێنەکانی شارەکە و هەروەها نزیک بێت.

**گۆڕینی زانیاری لە تۆماری پێشوەختدا**

- بەڕیزتان دەتوانن زانیارییەکانتان لە تۆمارکرنە پێشوەختەکەتاندا هەر کات پێویست بێت بگۆڕن.
- تکایە جارێکی تر مێژووی لەدایکبوونی منداڵەکەتان پاش لە دایکبوونی نوێ بکەنەوە.
- ئەگەر ناونیشانی خۆتان گۆڕی، دەتوانن گۆڕینی ناونیشانەکەیشتان، ناونیشانی نوێتان، لە ڕێگەی تۆمارکردنی پێشوەختی ناوەندییەوە نوێ بکەنەوە.
- بۆ ئەو کارە پێویستان بە پاسۆرد دەبێت.

**سڕینەوەی تۆماری پێشوەخت**

- تۆمارکرنە پێشوەختەکەی بەڕێزتان تاکو ئەو کاتە دەیخوات و کارایە کە پەسەندکردن "قەبوڵ" تان بۆ دەردەچێت و شوێنەکەتان وەرگرتبێت.
- پاش ئەوە زانیارییەکانتان لە لیستەی تۆمارکردنی پێشوەختدا نابیندرێت.
- بەڵام زانیارییەکانتان لە سیستەمەکەدا دەمێننەوە.
- بەوجۆرە دەتوانن لە کاتی پێویستدا تۆمارکردنی پێشوەخت دووبارە کارا بکەنەوە.
- بۆ نمونە ئەگەر بەڕیزتان بتانەوێت باخچەی منداڵان بگۆڕن، شێوازێکی تری سەرپەرشتیکردن یان پێویستتان بە بەردەوامیی سەرپەرشتیکردن بێت بەگوێرەی باخچەی منداڵانی ئەڵمانی - فەرەنسایی ستراسبورگ.
- ١٨٠ ڕۆژ پاش دەستپێکردنی گرێبەست زانیارییەکانتان دەکوژێندرێنەوە.

**بێ ئینتەرنێت تۆماری پێشوەخت**

- بێ ئینتەرنێتیش دەتوانن منداڵەکەتان پێشوەخت تۆمار بکەن.
- بەڕیوەبەرێتی باخچەی منداڵان دەتوانێت لە کاتی تۆمارکردندا هاوکاریتان بکات. دەتوانن پێکەوە کاری تۆمارکردن ئەنجام بدەن. لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ بەڕیوەبەرێتی باخچەی منداڵان بکەن و دیدارێکیان لەگەڵ دیاری بکەن.
- جگە لەمانە، هەروەها بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان لە ڤاینبرێننەرهاوس لە کاتی کارکردنی فەرمیاندا پشتگیریتان دەکەن.

بەڕیزتان ئەگەر پرسیارتان هەیە؟ بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان بۆ زانیاری و هاوکاری دیکە ئامادەیە.


شاری کێل
بەشی پەروەردە و سەرپەرشتی تایبەت بە منداڵان
Weinbrennerhaus
Hauptstr.22
Kehl 77964


**کاتی دەوام**
دووشەم - هەینی: سەعات ٨:٣٠ - ١٢:٣٠
سێشەم: سەعات ١٤ - ١٦:٣٠
پێنجشەم: سەعات ١٤ - ١٨


Telefon: 07851- 88 2102
E-Mail: kitaservice@stadt-kehl.de